# حوکمی شـودانی کچ بەزۆر لەلایەن باوکیەوە

[ بە کوردی ]

# حكم إجبار الوالد ابنته على الزواج
[ باللغة الكوردية ]

فەتوا: شـێخ ئیبنو عوسـەیمین ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ
فتوى: الشـيخ ابن العثيمين ـ يرحمه الله تعالى ـ

وەرگێڕانی : سـەرباز حەمید کەرکوکی
الترجمة : سـرباز حميد قادر

پێداچونەوەی : پشـتیوان سـابیر عزیز
المراجعة : بشـتيوان صابر عزيز

نوسـینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و
وشـیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شـاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# حوکمی شودانی کچ بەزۆر لەلایەن باوکیەوە

پرسیار: خۆشکێکم هەیە لەباوکەوە، وەباوکم هەستا بەشوودانی بەپیاوێك بەزۆر بەبێ ئەوەی ڕازی بێت و، پرسی پێ بکات، وەتەمەنی بیست و یەك ساڵانە، وەهەندێ کەس شایەتی درۆ ( شهادة الزور ) یاندا لەسەر مارەبرینەکە کەوا کچەکە ڕازیە بەو پیاوە، وەدایکی کچەکە واژووی ( توقیع ) لەسەر مارەبڕینەکە کرد لەجیاتی کچەکەو، بەو شێوە ژن هێنانەکە تەواو بوو و، کچەکەش تا ئێستا ڕازی نیە بەو شووکردنە، ئایەحوکمی ئەم ژن هێنانەو ئەو کەسانەی شایەتیانداوە چیە؟

وەڵام: ئەو خوشکە ئەگەر کچ بووەو، باوکی بەزۆر داویەتی بەشوو بەو پیاوە، ئەوە هەندێ لەزانایان دەڵێن ئەو ژن هێنانە ڕاست و دروستە، وەبۆچونیان ئەوەیەکە باوك بۆی هەیەکچەکەی بەزۆر بدات بەشوو بەو کەسەی کەنایەوێت، ئەگەر بێت و پیاوەکەکامڵ ( کفأ ) بوو.

بەڵام ڕای راجح لەم مەسەلەیە نە بۆ باوك یان غەیری ئەو بۆی نیە کچ بەزۆر بدات بەشوو بەو کەسەی کەنایەوێت، ئەگەر پیاوەکەش کامڵ و ( کفأ ) بێت؛ چونکەپێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:( ( لا تنكح البكر حتى تستأذن )) رواه البخاری. وەدەفەرموێت:(( البكر يستأذنها أبوها )) رواه مسلم.

لەڕوانگەی ئەم دوو فەرمودەیەوە ئەو باوکەی کەکچەکەی خۆی داوەتە شوو بەزۆر بەو پیاوەی کەنایەوێت، ئەوە ئەو کارەحەرامەو، هەر حەرامێکیش ڕاست نیەو ئیشی پێ ناکرێت. چونکەجێ بەجێکردنی و بەڕاست زانینی ئەو جۆرە ڕەفتارانە بەپێچەوانەی ئەو نەهیەیە کە لەفەرمودەکاندا هاتوەو، هەروەها ئەوەی شەرع نەهی لێ کردوە.

بۆیە ئەو شوودانە ڕاست و دروست نیەو فاسدە، هەروەها عەقدەکەش فاسدە، دەبێت لەلایەن دادگای شەرعیەوە تەماشا بکرێت.

وەبەنسبەت شایەتیدان بەدرۆوە ئەوە تاوانێکی گەورەیان کردوە، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت:(( ألا أخبركم بأكبر الكبائر ))؟ باسی کردو ، وەڕاکشابوو و پاشان دانشت و، فەرمووی:(( ألا وقول الزور ، ألاوقول الزور ، ألا وشهادة الزور )) وەهەر دوبارەی دەکردەوەو، ووتمان خۆزگەبێ دەنگ بێت.

ئەو جۆرەکەسانە دەبێت تەوبەبکەن و بگەڕێنەوە لای خوای گەورەو، قسەی ڕاست بکەن و، رونی بکەنەوە بۆ دادوەری شەرعی کەشایەتیان بەدرۆ داوەو، ئەوان پەشیمانن و دەگەرێنەوە لەشایەتیەکەیان.

هەروەها دایکی کچەکەش کەئیمزای لە جیاتی کچەکەی کردوە بەدرۆوە، ئەوە گوناه بارەو، دەبێت تەوبەبکات و بگەڕێتەوە لای خوای گەورەو، جارێکی تر نەگەڕێتەوەبۆ ئەو جۆرەتاوانانە.

پڕوانە: ( فتاوى علماء البلد الحرام ) ئامادەکرنی خالد الجريسى ، لەلاپەڕە:616.